کەمپینی پشتگیری لەدەمیرباش درێژەی هەیە
دیاری محمد
دوای ئەوەی لەڕۆژی پێنجی ئەم مانگەوە کەمپێنی نێودەوڵەتی کوردستان هەڵمەتێکی ئیمزاکۆکردنەوەی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت دەستپێکردووە تائێستا ئەم هەڵمەتە درێژەی هەیە و بەپێی لێدوانی ووتەبێژی کەمپینەکە سەلمان کۆچەری هەڵمەتەکە پێنج ڕۆژی تر درێژکراوەتەوە بەمەبەستی ئەوەی زۆرترین کوردستانی بتوانن بەشداری تیابکەن ووتەبێژی کەمپینەکە دەڵێت داوا دەکەین پزیشکانی کوردستان و سیاسیەکان زۆرترین بەشدارییان هەبێت لەم کەمپینەدا و پەیامی چارەسەری بۆ نەخۆش ئاڕاستەی ڕای گشتی بکەن کۆچەری هۆکاری هەڵمەتەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کەناوبراو ئێستا باری تەندروستی باش نیە و پێویستی بەچارەسەری پزیشکی هەیە لەدەرەوەی تورکیا بەڵام بەهۆی ئەوەی ٢٣ سکاڵای یاسایی لەسەر تۆمارکراوە و سزای ٢٣٢ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێنراوە ڕێگەی پێنادرێت بۆ چارەسەری پزیشکی بچێتە دەرەوەی تورکیا
لەبارەی ئەنجامی کۆتایی هەڵمەتەکەشیان کۆچەری ووتی ئەنجامی کۆتایی کەمپینەکە لەیاداشتنامەیەکدا ئاڕاستەی سەرجەم ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی و پزیشکانی بێسنوور و پارت و لایەنە سیاسیە کوردستانیەکان دەکەین بۆ ئەوەی بتوانرێت بەڕێز دەمیرباش لەم دۆخە نائاساییە ڕزگاربکرێت زیاتر ووتیشی هەربەڕێزێک دەخوازێت بەشداری هەبێت لەم کەمپینەدا با ناونیشانی خۆی بۆ ئەم ئیمەیلە سەرەکیە بنێرێت تا (٢٠)ی ئەم مانگە بەردەوام دەبێت
bishkchy@gmail.com

Kempînî piştgîrî ledemîrbaş drêjey heye
Dyarî mhimd
Dway ewey lerrojî pêncî em mangewe kempênî nêwdewlletî kurdistan hellmetêkî îmzakokirdnewey leser torrî înternêt destipêkirduwe taêsta em hellmete drêjey heye û bepêy lêdwanî wutebêjî kempîneke selman koçerî hellmeteke pênc rojî tir drêjkrawetewe bemebestî ewey zortirîn kurdistanî bitwanin beşdarî tyabken wutebêjî kempîneke dellêt dawa dekeyn pzîşkanî kurdistan û syasyekan zortirîn beşdarîyan hebêt lem kempîneda û peyamî çareserî bo nexoş arrastey ray giştî bken koçerî hokarî hellmetekeşî bo ewe gerrandewe kenawbraw êsta barî tendrustî baş nye û pêwîstî beçareserî pzîşkî heye lederewey turkya bellam behoy ewey 23 skallay yasayî leser tomarkrawe û szay 232 sall zîndanî beserda sepênrawe rêgey pênadrêt bo çareserî pzîşkî bçête derewey turkya
Lebarey encamî kotayî hellmetekeşyan koçerî wutî encamî kotayî kempîneke leyadaştnameyekda arrastey sercem rêkixrawekanî mafî mrovî nêwdewlletî û pzîşkanî bêsnûr û part û layene syasye kurdistanyekan dekeyn bo ewey bitwanrêt berrêz demîrbaş lem doxe naasayîye rizgarbikrêt zyatir wutîşî herberrêzêk dexwazêt beşdarî hebêt lem kempîneda ba nawnîşanî xoy bo em îmeyle serekye bnêrêt ta (20)î em mange berdewam debêt

bishkchy@gmail.com